وادەی هەموارکردنەوەی یاسای بودجەی عێراق ئاشکراکرا

موعین کازمی، ئەندامی لیژنەی دارایی ڕایگەیاند، لە ماوەی ١٠ ڕۆژی داهاتوودا هەمواری یاسای بودجە دەگاتە پەرلەمانی عێراق، لەگەڵ گەیشتنیشی لیژنەکەیان وردبینی بە بەگە و ماددە هەموارکراوەکان دەکات و دواتر بە پەسەندکردنی دەخرێتە دەنگدانەوە.

دەشێت ، لەئێستادا حکومەتی فیدراڵی عێراق سەرقاڵی دواین ڕێککارە هونەرییەکانە بە ئامادەکردنی هەمواری یاسای بودجە، کە تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت و شایستە دارایییەکانی چاودێری کەمایەتی و چەند بابەتێکی دیکەی لەخۆگرتووە.

ڕاشیگەیاند، لیژنەکەیان لەگەڵ تەیف سامی وەزیری دارایی کەبوونتەوە، بە دیاریکردنی خشتەیەک بە جبەجێکردنی یاسای بودجە بە ئەمساڵ و تێپەڕاندنی ئەو بڕبڕستانەی کە لەبەردەم یاساکەدان.